

# ژنان و ناوەندی دەسەڵات

**ڕازاو ڕەزا پور***

ژن لەم کۆمەڵەدا شوێنپەنجەی دیارە. ژن لەسیستەمی دابەشکردنی دەسەڵاتەکاندا هزرو بۆچوونو تایبەتمەندی خۆی هەیە. دەکرێت کەژنان لەگشت بوارەکاندا کوتومت، پێکهاتو فەرمانو مەرامە بنچینەییەکان بن، تا پێکەوە تێبکۆشنو ئامانجەکانیان وەدی بهێنن. ئافرەت ئەوەتەی هەبووە پرباسکەی خەمو پەروەردگاری منداڵان بووە! فێریکردوون چۆن کەسایەتی خۆیان ببیننەوە و چۆن ببنە هاوڕێی چیاو تەڵاشەبەردو بەفر. ئەو غەریزەیەی

لە ئافرەتدا هەیە هێزێکی نهێنییە کەتایبەتمەندییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆشوێنەواری بوونو کەلتورەکەی. ئافرەتی کورد پەیوەستە بەو توانا سازگارەی کە سەقامگیر بووە لەبەستەی دەمارەکانی لەشیدا، هەربۆیە هێندەی خۆنواندنەکانی نێو کۆمەڵی کوردی بەتایبەتیو جیهان بەگشتی، لەمەڵبەندی ژیانیدا نامۆیەکی موتوربەکراوە.

ژن لەکۆمەڵدا گەلێ پیرۆزە. ئەگەر کەمێك ئەگەرو بەسەرهاتەکانی ژینمان لێبکەیتەوە، مەبەستم بەخۆداچوونەوەیەکی بەتەنهایی یە، ئەو پیرۆزییە بەدی دەکەین. ڕاستە ئێمەی ژنو ئێوەی پیاوانیش هاوئاهەنگییەکمان پێکەوە هەیە، بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر کارو بۆچوونەکانمان وردبکەینەوە، دەبینین هەرکاممان کارێکی دیاریکراومان هەیە، هەر بەوجیاوازییەش دەتوانین لە ڕێی هەوڵدانەوە هاوسەنگییەك بسەلمێنین تا قەبارەکەمان بەسەقامگیرییەك بگەیەنین.

بەم شێوەیە لێکدانەوەکانو لێکگەیشتنەکان ئاسان دەبن، کاتێك کارە یاساییو نەرتییەکان دابەش دەبنو بۆ وەدیهێنانیان کۆڵەکەیەك دادەمەزرێت وە بنەمایەك دادەکوترێت. بزانین خەبات بۆچییەو چیمان دەوێت، ڕاکردن لەم تێڕوانینە لەکارمان دەخاتو بەشێوەیەکی تریش لەڕێی بڕواکردن بەم تێڕوانینەوە کاری نەپساوە بەدەست دێنینو سەرنجو گرنگییەکانمان بەیەك دەگەن. بەم ڕەوتەش گرێدانی ئەو پێوەندیو هاوکارییەش ئاکاری خراپی کۆمەڵ چاك دەکاتو بەرەو پێشی دەبات. ئەم هەڵسوکەوتانەش گرێکوێرەی ڕەوشی کۆمەڵ، لەو لغاوە پاشماوە ڕەگەزپەرستییەی کە لەچوارچێوەی مرۆڤایەتیدا هەیبوون، دەرەوێنێتەوە. ئەم کات هۆشیارانە نرخو بەها بەیەکسانی دەدەین، تێگەیشتن لەبواری چینەکان، باهەموو ژنی کورد تەوژمی ئەو شەپۆلەبن بۆ بەدیهێنانی بەختەوەری، ئازادی گشتیو یەکسانیبوون، تا کەڵك لەیەکتری وەربگرین. بە وەگەڕخستنی ئەم بیرو بۆچوونانە، ئەویش هەروەك لەسەردەمی ژنانی جیهانی ئەمڕۆدا هەیە. تێکۆشانو هەوڵدان زیاتر دەبێتو گەشە بەجمووجۆڵەکانمان دەدات، چونکە هەرچی زوو بەسەر مەڵبەندی ژیاندا زاڵ بین، وتووێژی زیاتر تاقی دەکەینەوە. ژێربێژی ڕەوشی پێوەندییەکانی مرۆڤ نەخشی سەرەکی دەگێڕێت لەهاوسەنگکردنی ئەم دڵ بەگۆدانە. بامزگێنی ژیانمان بکەینە تابلۆیەك. کۆشکی بەرزی پەیڕەوو چەمکی مرۆڤایەتی بکەینە ڕەوگە بۆ وەچەکانی داهاتوومان، بەو شێوەیەش دیموکراتی دەسەلمێنین. دەبێت ڕەوتی ژیانی گروپە تێکدەرەکانی بێگانەش بگۆڕێن، چونکە کوردستان تەنها مولکی کوردەو کەسیتر. لەو ڕوانگەیەشەوە دەبێت زۆر وریابین بەهەموو دەهۆڵێك هەڵنەپەڕین، لەپێوەندی شیرازەو بەرژەوەندییەکان بگەین. کێشەکان زۆرن، کێشەی دەستەو گروپەکان لەوەدایە کە ڕێو شوێنی بەرێکخراوبوونی خۆیان نازانن. ڕەنگە داڕێژەری پلانێکی وانەبن تا بتوانن ئەو ئاواتەی بۆی دەچنو بەرژەوەندییەکانیان بەدەستبێنن، بەڵکە شێوەی زاڵبوونی کەسێك بەسەر کەسێکدا یان دەستەیەك بۆ دەستەیەکیتر یان هۆزێك ئامانجی ئەمانە هەموو زەنگی جەنگێك لێدەدەن. لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە دەکەم دەستکەوتیجەنگ لەکوردستانی ئازادکراو و نەکراو نەپارێزراوە. ئەگەر بەم شێوەیە بڕۆین چەند قازانج دەکەین یان ویستمان چی دەبێت؟

بەتاکڕەوی، تاكو تەرایی دروست دەبێتو دەبێتە موخۆرکەیەك: ئەو کۆڵەکە بەهێزەی هەمانبوو هێواش هێواش تێکدەقرمێت. زۆربەی ئەنجامی جەنگەکان بەتاڵانکردن کۆتایی پێهاتووە، هەربۆیە فشاری گەورە دەبینین کە بۆتە گرێی گەورەو نێگەتیڤی تیا دەبینرێتەوە. بەشێوەیەکیتر بۆ گەیشتن بەئاشتیو سەقامگیربوونو شارستانیەت، دەبێت پێوەندییەکان زۆر بەهێزبن، باوەڕ بناغەبێت برینی هەڵەکانی پێ تیمار بکەین، تا وەکو ئەو حەماسەی لەئاکامی خەباتو بیرەوەری ڕۆژانی سەختدا بەدەست هاتوون، نەریت بگرێتو سەقامگیربێت. لەم ڕوانگەیەوە دەڵێم ئێمەی ژنان بەشێکین لەو دەسەڵاتە، نەدەسەڵاتی یەکەم، نەدەسەڵاتی دووەم، بەڵکو دەسەڵاتی ناوەند.

*سوید ستۆکهۆڵم

# بۆ ئەوەی منداڵ هەمیشە ئاسوودەو بەختەوەر بێ دوور لەکارەسات

**مامۆستا / نەوزاد حەسەن محەمەد**



گرنگی دان بەژیانی منداڵان لەزۆربەی وڵاتانی دونیادا بەتایبەتیش لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا بووە بەئەرکێکی سەرەکیو هەمیشەیی سەرشانی حکومەتەکانو دەیان ڕێکخراوی گەورە گەورە لەپێناوی پاراستنی مافی منداڵان ئاسوودەکردنی ژیانیان درووست بوونو بونەتە کۆمەڵەی فشار لەسەر دەسەڵاتە سیاسییەکان بەشێوەیەکی وا کەتوانیویانە لەبەرزترین دەسەڵاتی یاسایی نێودەوڵەتی کە (UN) ە و لەدوو توێی جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤدا پانتاییەکی گەورەو بەندێکی زۆر بۆ مافەکانی منالڵ داگیربکەن، ئەو یاساو بەندانەش چ بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاکانی ڕاگەیاندنو چ بەهۆی تێکەڵاوبوونی گەلانەوە کاریگەری خۆیان لەسەر هەموو وڵاتان داناوە، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو ئەوانەی لەبواری منداڵاندا کارئەکەن لەماڵو لەباخچەو قوتابخانەکاندا ئەو ڕاستیانە بزانن وەکو خۆی کاریان لەگەڵدا بکەن، تا ژیانی منداڵان بەختەوەر بکەنو لانی کەم لەئاسەواری کارەساتەکانو کاریگەریە دەروونی یە خراپەکان بیانپارێزن. ئەگەر ئاوڕێك لەو چەند ساڵەی رابردووی دوای جەنگی سارد بدەینەوە تێبینی ئەوە ئەکەین لەو ماوەیەدا زۆربەی وڵاتانی جیهان دووچاری دەیان کارەساتی ترسناکی وەکو بومەلەرزەو هەستانی لافاو، قاتو قڕیو برسێتی، نەخۆشی بێچارەسەرو کوشندە، شەرو کوشتاری ناوەکیو دەرەکی بووە، هەڵبەتە کاریگەری خراپی دەروونی ئەو ڕووداو کارەساتانەش بەپلەی یەکەم لەسەر ئەومنداڵانە کە توانای بەرگری دەروونیو لاشەییان کەمترە لەخەڵکی گەورە تەمەن، بەپێی ئاماری بەشێك لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە منداڵان نزیکەی (٤٠ ملیۆن) منداڵ لەناوچە جیاجیاکانی جیهان، بەتایبەت لەئاسیاو ئەفریقیا تووشی چەندەها کارەساتی وەکو تاڵانو ماڵ سووتانو دەست بەسەراگرتنو هەتیوو کەوتوون، ئەمە جگە لەڕفاندنو زیندانی کردنو ئەشکەنجەدانی خۆیانو کەسو کاریانو بەدرەوشتی کردن لەگەڵیان، ئەو کارەساتانە بنەماکانی گەشەکردنی هزرو هۆش هاوشانی بنەما جەستەییەکان تێکئەداو لەمنداڵێکی پاکی ئاواتەخواز بەهیواکانی دوارۆژ و خزمەتکەری گەلو نیشتیمانەکەی ئەبێ بە منداڵێکی سەرلێشێواو کزۆڵو بێ بەرهەمو بار بەسەر کۆمەڵگاکەیەوە، هەندێ جاریش خەڵکی شڕەتو ئاژاوەچیو ملهوڕی وایان لێ دەرئەچێ کە بڕوایان بەدەورو بەرو خەڵکی چاکەخوازیش نامێنێ، هیواکانیان لێ ئەگۆڕێو ئۆقرەو ئاسایش لایان قێزەوەن ئەبێ. نیگاو تێڕوانینی منداڵ زۆر وردو هەستیارە لەچاو خەڵکی خاوەن ئەزموونو گەورە، کاتێ کە ڕووداوێکی ترسناکی لەو شێوانە ئەبینێ یان ئەبیستێ بێ گوێ دان بەقەبارەو شوێنی ڕووداوەکە، یەکسەر کۆمەڵێ کاردانەوەی دەروونی لەلا دروست ئەبێ، دڵەراوکێ ، ترس، توورەبوون، تاوان، دڵتەنگی، هەندێ لەو کاردانەوانەن کە ڕەنگە بەچەندەها ڕێگا خۆیان بگەیەنن بەناخی منداڵان، بەتایبەتیش قوتابیان.. چونکە گومانی تێدانییە ڕووداوی دڵتەزێنو هەواڵی جەرگ بڕ کاریگەری خراپیان هەیە لەسەر بیرکردنەوەو وردبوونەوەو توانا زانستییەکان، ئەو خراپیەش بەدەوری خۆیو بەشێوەیەکی ترسناك ئەچێتە ناو ڕێبازی پەروەردەو فێرکردنو شێواندنو سەرلێ شێوانێك لەنێوان مامۆستایانو قوتابیان دروست ئەکاو تووشی شەلەلی ئەکات، کە ئەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی زانستی قوتابیانو کەمبوونەوەی حەزو ئارەزوویان بەرەو قوتابخانە، هەندێ جار ئەگاتە ڕادەی وازهێنانی تەواوی لەخوێندن. ئەگەر نمونەی ئەو ڕووداوو کارەساتانە لەسەر وڵاتو هەرێمی خۆمان بهێنینەوە، دەیان کەرەسەی خاو لەبەر دەست دایە وەکو نمونە، هەر لەشەڕی عێراقو ئێرانو کاولکردنی هەزاران گوندو شارو شارۆچکەی کوردستانو ئەنفال کردنی سەدان هەزار کوردی بێتاوانو کیمیاباران کردنی هەڵەبجە، تادەگاتە کارەساتە جەرگ سووتێنەکانی تیرۆریستانو تەقاندنەوەی شوێنە گشتیو پیرۆزەکانو ئینجا دروست کردنی دەیان پڕووپاگەندەی ژەهراویو منداڵ ڕفاندنو دانانی مینو تەقەمەنی لەقوتابخانەکان،... هتد. هەموو ئەوانە بوونەتە هۆی هەتیوکردنی هەزاران منداڵو بێ دەرامەت کردنی هەزاران خێزانو وازهێنانی زۆرێك لە منداڵان لەخوێندنو خوێندنگا. سەرەکیترین پێویستی بۆ چارەسەرکردنی ئەو حاڵەتانە بریتین لە:

١ ـ دابین کردنی ئاسایشی گشتیو پاراستنی سەرو ماڵی هاوڵاتیانو دڵنیاکردنی خەڵکی لەوەی کە دەستەڵاتێك هەیە ئەتوانێ هەمیشە چاودێری گشتی بکات.

٢ ـ هۆشیارکردنەوەی خەڵکی بەبەردەوامی زانستو داهێنانە نوێ یەکانو نەخۆشییە باوەکانی سەردەمو ڕێنمایی کردنیان لەبارەیانەوە.

٣ ـ هۆشیارکردنەوەی خەڵك بەگشتیو منداڵان بەتایبەتی لەسوودو ئامانجەکانی خوێندن، و دابینکردنو دۆزینەوەی کار بۆ دەرچووانو خاوەن بڕوانامەکان.

٤ ـ ڕێکخستنی دەزگاو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەك کە لەخزمەتی خۆش گوزەرانیو بەختیاری ژیانی منداڵان بێت دوور لەترسو دڵەراوکێو نائارامی.

٥ ـ دڵنەوایی کردنو هاوکاری کردنی منداڵان لەکاتی ڕووداوەکانی وەکو، کەس مردن، هاوڕێ مردن، توندو تیژی، ئاگرکەوتنەوە، کارەساتەکانی سروشتی، ئەویش بە دروستکردنی کەشو هەوایەکی ئارامو دوور لەبشێونی بۆ منداڵەکەو دوورخستنەوەی لەناو جەرگەی ڕووداوەکەو قسەکردن لەگەڵیداو خەریکردنی بەهەندێ یاریو چالاکی منداڵانەی دڵخۆشکەرەوە.

٦ ـ ڕوونکردنەوەی کارەساتو ڕووداوەکان بۆ منداڵەکە بە شێوەی چیرۆكو هێنانەوەی چەند نمونەیەکی باش لەو بارەیەوە کە یارمەتی هۆشهێنانەوەو ڕاگیربوونی بیرکردنەوەکانی بدات، تێگەیاندنی ئەم جۆرە ڕووداوانە تەنیا بەسەر ئەودا نەهاتووەو لای زۆربەی منداڵە سەرکەوتووەکان ئەمە ئاسایی یە.

٧ ـ دروست کردنی گیانی بەرگریو خەباتکاری لەپێناوی سەرکەوتن لەلای منداڵ یەکێکە لەیارمەتییە هەرە گرنگەکان کە منداڵ وا لێبکات پشت بەخۆی ببەستیو توانا فکریو زانستییەکانی بخاتە گەڕو شیکاری ڕووداوەکان بکاتو لەگەڵیدا رابێ....

سەرەرای هەموو ئەوانە ئەبێ ئەوەمان لەیاد نەچێ کە منداڵ چەند بچووکتربێت ئەوەندە تواناو بەرگریان کەمتر دەبێو زیاتر تووشی ئازار دەبنو لەو باروودۆخەی کە تووشی دەبێ. هەروەها ئەبێ ئەوەش بزانین کەمنداڵ بەبێ گەورە ناژیو ئارام نابێ چونکە پشتی بەوان قاییمەو لەژێر چاودێری ئەواندان

**بەپێی ئاماری بەشێك لە لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە منداڵان نزیکەی (٤٠ ملیۆن) منداڵ لەناوچە جیاجیاکانی جیهان، بەتایبەت لەئاسیاو ئەفریقیا تووشی چەندەها کارەساتی وەکو تاڵانو ماڵ سووتانو دەست بەسەراگرتنو هەتیوو کەوتوون**